# تیۆری بونیاد گەری و پییر بوردیۆ

بونیـادگـەری زاراوەیەکـە لە زمـانی کـوردیدا لـە جیـاتی (البنیـویە) بەکـارهاتووە. ئەم بەکارهێنانە نوێیە دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤناسی گەورەی فەرەنسی (شـتراوس) کە پاشان لەلای (بارت ودێریدا) و (فۆکۆ وئالتۆسێریش) وەک ئاراستە و ڕەوتێکی لێهات. بە سادەترین دەربڕین دەشـێت بگوترێت بونیـادگەری ئەو ئـاراستەیەی ڕاڤەکـردنی زمـانە کـە خـودی زمـان وەک بونیادێکـی یـان ستراکچەرێک تەماشا دەکات لە سـەرەتای ئەم سەدەیەوە ئـاراستەی ناوبراو کـاریگەریەکی زۆری کردە بەشێکی بەرچاوی بوارە زانستیەکـانی دیکە بەتایبەتیش لـە بواری مرۆڤناسیدا لەلایەن (کـلود لیڤی شتراوس)ەوە بەجۆرێکی تایبەت دەخرێتە کـار و لە ئاستێکی بەرفـراواندا گەشەی پێدەدرێ، لێرەشەوە بونیـادگەری دەبێتە بەشێکی گرنگ لە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان.

بەمانایەکی تر خاڵی بنەرەتی لە بنیاتگەرییدا گومانکردنە لە تاک بەوجۆرەش بونیادە بابەتییەکان دەگرنە مەرجی تێگەیشـتن لـە کۆمەڵگاو دیـاریدە و مرۆڤەکان، چونکە ئەو بنیادانە لە هەماهەنگیشدا ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان جلەودەکەن. وەک بۆردیۆ دەڵێ: بونیادگەری هەڵەیەکی مەزن دەکا بەوەی لە دەرەوە یەکسەر دەروانێتە مرۆڤ و پراکتیکەکان نموونەشی بۆ ئەم هەڵەیە لەکایەی سۆسیۆلۆژیادا بریتییە لـە ڕێسـا بەناوبانگەکـەی (دۆرکهایم) کـەدەڵێ: ئێمە پێمان وایە ئەو بیرۆکەیەی دەڵێ ژیـانی کۆمەڵایەتی دەبێ نەک هەر لە ڕوانگەی تاکەکانەوە ڕاڤـە بکرێ بەڵکو لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆکارە قوڵانەدا کە لە دەرەوەی هۆشیاری مرۆڤن تاکە بیرۆکەیەکی بەبەرهەمە.

(بۆردیـۆ) لەو بڕوایەدایە ئەم دەربڕینە یەکێکە لە سەختترین گوتارەکانی بابەتگەرایی و بونیادگەرەکان، ئەمەش لە بەرئەوەی بـەئاسانی ڕێگەی بەکۆمەڵناسەکان دەدات تاوەکو چاو بپۆشن لە ئەزموونی سەرەتایی و بەرای تاکەکان و تێگەیشتنیان بۆ ژیانی خۆیان و ئەزموونی کۆمەڵایەتیان، ئەمە جگە لەوەی هەمان ئەو دەربرینە جیهانی (واقیعی کۆمەڵایەتی)ـیە.

کەواتە خاڵی بنەڕەتی بەلای بابەت گەرەکانەوە ئەزموونی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا نیە بەڵکو پەیوەندی ئەو تاکانەیە بە بونیادە بابەتییەکانەوە، ئەمەش بەو مانایەکە پراکتێکی بکەوە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشـە لەبەر ڕووناکایی هەلومەرجی کۆمەلایەتی و ئابوریەکاندا لێیان دەکۆڵێتەوە ئەو هەڵومەرجانە بە شێوەیەکی میکانیکی دەکرێنە سەرچاوەیەکی ڕێسایی بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی پراکتیکیەکان.

(بۆردیۆ) دەڵێ مە ڕچ نیە بکەرەکان (تاکەکان) لەسەر ئەو بونیادە دەرەکییانە هۆشیاریان هەبێ کە بەلای بونیادگەراکانەوە دەستنیشانی پراکتیک وهەڵسوکەوتیان دەکەن بەڵام کاتێ سۆسیۆلۆژە بونیادگەراکان

پەلاماری کۆمەڵگا دەدەن، لەراستیدا چاو دەپۆشن لەو تێگەیشتنە (سەرەتایی وخاوەی) کە هەر بکەرێ لە سەر ژیانی کۆمەلایەتی خۆی هەیەتی. چونکە ئەوان (سۆسیۆلۆژەکان) یەکسەر بەدوای ئەو هۆکارە حازر بەدەستانەدا عەودالْ دەبن کە دەیانباتەوە سەر جۆرێ لە هەڵسوکەوتی تایبەت.

(پییر بۆردیۆ) (1930-2002) Pierre Bourdieu لە شاری دنڤان باشوری فەرەنسا لە دایکبووە. پەیوەندی بە قوتابخانەی پاریسی (لویێ گراند) لە (1950-1951) کرد، خوێندنی بڕوانامەی توانستی پەروەردەیی لە فەلسەفە لە قوتابخانەی نۆرمان- سوپەریۆر- پاریس تەواوکرد.

وەک بەشێک لە خزمەتگوزاری سەربازی (بوردیۆ) توێژینەوەی جەزائیری کرد، بەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شارەزای داگیرکاری فەرەنسی بوو. ئەم شارەزاییەش کاریگەری لەسەری هەبوو، بیرکردنەوەی ئەوەی پێکهێنا لە چوارچێوەی ئەنترۆپۆلۆژیا و کۆمەڵناسی کۆششی دەدا.

**پییر بۆردیۆ و سەرمایەی هێمایی:**

تێگەیشتن لە ناوەرۆکی تیۆرییەکەی (بۆردیۆ) سەبارەت بە سەرمایەی هێمایی و توندوتیژی هێمایی بەبێ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو چەمکە سەرەکی و گرینگانەی (بۆردیۆ) لەکارەکانی بەکاری هێناوە کارێکی زەحمەتە، چونکە کۆی چەمکەکانی (هەبیتۆس، سەرمایەی هێمایی، توندو تیژی هێمایی) گشتێکی بە یەکەوە پەیوەست پێکدەهێنن کە بە خوێندنەوەی هەمەلایەنانەیان دەتوانرێت ناوەرۆکی تیۆرەکەی (بۆردیۆ) سەبارەت بە سەرمایەداری هێمایی ڕوونبکرێتەوە بۆیە سەرەتا هەریەک لەم چەمکانە لە دیدی (بۆردیۆ) دەخەینەروو:

**1. هابیتۆس Habitus:**

هابیتۆس ناوەندێکە، وێناکردن و بۆچوونەکانی مرۆڤ دەربارەی دونیا و دیاردەکان دەگەرێتە خۆ و ئەو ئامادەییە نیشان دەدات کە مرۆڤ بە هۆیەوە بڕیار دەدات کارێک بکات، هەموو مرۆڤێک ئامادەیی تایبەتی تێدایە بۆ هەڵسان بە کارێک و جێبەجێکردنی بەو شێوەیەی بە ڕاستی دەزانێت. کەواتە هابیتۆس سیستەمێکی ئامادەگی وەرگیراوە یان بەدەست هاتوو وێنەکردنی ئیدراک و هەڵسەنگاندن و کردییە کە دەوروبەرەکە وێنەی کێشاوە لە کاتێکی دیاریکراو و شوێنێکی تایبەت (4). بە بۆچوونی (بۆردیۆ) هەر هێزێکی کۆمە لایەتی هابیتۆس خۆی هەیە، ئەم هابیتۆسەش ئامادەییە گشتیەکان وبۆچوون وێناکردنەکانی ئەم هێزە دەگەرێتەخۆ چ لە ئاستی فیکر و ئایدۆلۆژیادا چ لە ئاستی پراکتیک و ڕەفتاری سیاسی و کۆمەلایەتییدا.

**2- چەمکی سەرمایەداری:**

ئەو چەمکە چەمکێکی گرینگە لە پرۆسەی تیۆری (بۆردیۆ) ئەوش وەک زانراوە،لە زانستی ئابووری کلاسیکی وەرگیراوە بە واتای سامانی کەلەکە بوو دێت و هەروەها بیردۆزی مارکسیزمدا ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندییە لە

نێوان ئەو چینەدایە کە هۆیەکانی بەرهەمهێنانی لەبەر دەستە لە نێوان پرۆلیتاریا کە هێزی کاری هەیە، بەڵام (بۆردیۆ) هزری سەرمایەداری کە لە ئابووری کلاسیکی و بیردۆزی ماکسیدا هەبوو، لە لای ئەم چەمکە بوو بە سەرمایەداری دارایی و نادارایی، واتا لەسەر شێوەی ماددی هەست پێکراو یان نامادددی هەست پێنەکراو. واتە لە لای (بۆردیۆ) سەرمایەدار تەنها لایەنی ئابووری کلاسیکی ناگرێتەوە، چونکە سەرمایەدار لای ئەو چەند شێوازێکە وەک (سەرمایەداری رۆشنبیری، سەرمایەداری کۆمەڵایەتی، سەرمایەداری هێماي ی) ئەو دیدەی (بۆردیۆ) بۆ سەرمایە ڕەنگدانەوەی لێکدانەوەی جۆرارو جۆرە بۆ ڕەهەندەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کە پێیوایە کە دەتوانرێت هەست بە جیهانی کۆمەڵایەتی بکەی وەکو بۆشاییەکی فرە ڕەهەند کەپێک دێت لەرێگایی زاڵبوونی جۆرە جیاوازەکانی سەرمایە، سەرمایەداری ئابووری یەکسەر بەستراوەتەوە بەسامان، بەڵام شێوەکانی تری سەرمایە شێوەیەکە لە شێوەکانی هێز لە کۆمەڵگا (5).

هەرچەندە سەرەڕای ئەمەش جۆرەکانی سەرمایە کەمتر ڕوون و ئاشکران لە سەرمایەی ئابووری، بەڵام لە هەندێ شت هاوبەشن ئەوەش ئەو بەهایەیە کە نوێنەری هەڵگرەکەی دەکات وسیمەتی کەلەکەبوونی هەیە کە دەتوانرێت وەبەرهێنانی تێدابکرێت کە سود و قازانجی تێدا هەیە. (بۆردیۆ) پێیوایە کە شێوەکانی ناسەرمایەی ئابووری سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆشێوەکانی شاردراوە لەبەرهەمهێنانی جیاوازی کۆمەڵایەتی، ئەو جیاوازیانەی کە هەیە لە نێوان سەرمایەداری ئابووری وسەرمایەدارەکانی تر. بەم شێوەیە باسیان دەکات:

**أ- سەرمایەی کوولتوری:**

چەمکی سەرمایەی کوولتوری گوزارشت لە کۆمەڵێک هێماو توانا و بەهرە کوولتورییەکان و زمانەوانییەکان دەکات، کە ئەوەش نوێنەرایەتی کوولتوری باوی کۆمەڵگایە. ئەمەش توانای دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەیە، هەروەها بەردەوامبوون و گواستنەوەی لە چینێک بۆ چینێکی تر یاخود لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لەرێگای پرۆسەی پەروەردەکردنەوە. ئەو چەمکەش جەخت دەکاتە سەر شێوە زانینە کوولتوریەکان وئامادە باشیەکان کە گوزارشت لە هێما ناوخۆییە تێکەڵبووەکان دەکات، کار لەسەر ئامادەکردنی تاک دەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش کاربکات لەگەڵ هەڵوێستە کێبرکێیەکان و شیکردنەوەی پەیوەندییەکان و دیاردە کوولتورییەکان (6).

(بۆردیۆ) پێیوایە سەرمایەداری کوولتوری لەرێگای سەرلێدەرکردن و ڕاهاتنەوە (الالمام والأعتیاد) پێک دێت، لەسەر کوولتوری باوی کۆمەڵگا بە تایبەتی توانای تێگەیشتن وبەکارهێنانی زمانێکی پاراوەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە سەرمایەداری کوولتوری بە جیاوازی چینەکان ئەمیش جیاواز دەبێت، بۆیە سیستەمی فێرکردن پاڵپشتی ئەم جۆرە سەرمایەداریە دەکات، ئەمەش وا دەکات کە زۆرگران بێت تاکەکانی چینە

نزمەکان سەرکەوتووبن لەم جۆرە سەرمایەیە، ئەم سەرمایەداریەش چەند جۆرێکی هەیە هەموو ئەو ئارەزو وریبازو خۆنەریتە وەرگیراوەکان دەگرێتەوە کە بەهۆی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوونەوەلای تاکەکان دروست دەبن، وەکو خوێندنەوەی پەرتوک و کارە هونەریەکان و بڕوانامە زانستیەکان، هەروەها سەردانکردنی مۆزەخانە وکارە شانۆیەکان و ئامادەکردنی کۆنگرەکان..هتد.

دوای ئەوە سەرمایەداری کوولتوری لە بوارێکی تایبەتدا دابەش دەکرێت وبەکار دەبرێت ئەوەش بواری کوولتورە، کە بوارێکی هزری پسپۆری یە ژیربێژی تایبەتی خۆی وپرۆسەی جیاکەرەوەی خۆی و دەزگای تایبەت بەخۆی هەیە، وەک سیستەمی فێرکردن، زانکۆکان، هەروەها ناسنامە و ئایدۆلۆژیای هەیە لە سەربەخۆیی و پابەندبوون لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا وەکو ئابووری وسیاسی، (بۆردیۆ) ئەوسەرمایەیە دەکاتە دووبەش: یەکەم: سەرمایەی کوولتوری وەرگیراو لەسەر بنەمای توانای فێرکردن، هەروەها ژمارەی ساڵەکانی خوێندن.

دووەم: سەرمایەی میراتی لەبارەی خێزان وپەیوەندی بە بوارە کوولتوریە جیاوازەکان، سەرمایەداری میرات قازانجێکی ڕاستەوخۆ دەکات لە سەرمایەداری کوولتوری وەرگیراودا لە ناو سیستەمی فێرکردن. هەروەها ئەو سوود و قازانجە لە شێوەکانی تریشدا بوونی هەیە وەک بازاری کار، ودەستکەوتەکانی تاک جیا دەکاتەوە لە هەموو بوارەکانی تر، و سەرمایەداری کوولتوری میرات لەرێگای ئەوەی کە خێزانەکان کۆمەلێک شێوازی ژیانی جیاکەرەوە بە تاکەکانیان یاخود نەوەکانیان دەبەخشن دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە شێوەیەکی جیاکەرەوە کە نەوەکانی داهاتوو سودی لێ وەردەگرن، چونکە ئەم خێزانانە دەیانەوێت ڕەفتاری تاکەکانیان دابرێژن بە شێوەیەکی باش و بەهاکانیان بۆ پێک بێنن بەدرێژایی نەوەکان ئەمەش لەرێگای هەندێک ئیش وکارەوە دەبێت وەک شێوازی هەڵسوکەوتی پێشکەوتوو (7).

بەڵام سەرمایەداری کوولتوری وەرگیراو ڕادەوەستێتە سەر هەندێک هۆکار لەوانەش ماوەی کات، سروشتی کۆمەڵگا، و ئەو چینە کۆمەڵایەتییە کە تاک بەشێکە لێی، سەرەڕای توانا خودیەکان وخەسڵەتە جەستەیەکانی تاک پەیوەندییەک لە نێوان سەرمایەی کوولتوری وەرگیراو و میرات دا هەیە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سەرمایەداری کوولتوری لای (بۆردیۆ) گوزارشت لە توانا و بەهرە و ژیری و تواناجەستەیەکان دەکات. هەروەها هەموو شێوە زانین و شارەزاییەکان کە تاک لە ڕێگای ئەوەیە کە سەر بەخێزانێک یان گروپێکی دیاری کراوەوە دەستی دەکەوێت یاخود لە ئەنجامی توانا خودیەکان وگەشە پێکردنیەتی (8).

**ب- سەرمایەی کۆمەڵایەتی:**

بریتیە لەو پەیوەندییەی کە تاکەکان پێکی دهێنن، دەبێتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ ئەوەی قازانج و سوودیان دەست کەوێت، چونکە ئەم جۆرە سەرمایەداریە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات لە نێوان تاکەکان و خێزانەکان و گروپەکان، بۆیە دەبێتە جۆرە پەیوەندییەک کە سوود بەیەکتر بگەیەنن (9).

(بۆردیۆ) بەو شێوەیە پێناسەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەکات کە بریتیە لە برێک سەرچاوە ڕاستیەکان و یان ئەگەرەکان کە لەڕێگای کۆمەلێک پەیوەندی بەردەوام و ڕاستەوخۆ بەدەست دەکەون ئەمەش دەوەستێتە سەر تێگەیشتن و ووشیاری ئاڵوگۆر لە چوارچێوەی ئەو گروپ و کۆمەڵەی تاکەکەی تێدایە واتە، پابەندبوون بەگروپ وادەکات ئەم تاکە باوەر و ئاسایش ببێتە باشترین کۆلەگە بۆی قەبارەی ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییە کە تاک دەستی دەکەوێت ڕادەوەستێتە سەر قەبارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە وای لٚی دەکات بە توانا بێت هەروەها بەندە لەسەر جۆرەکانی تری سەرمایە وەکو (کوولتوری،ئابووری، داد، ئاینی ) (10).

پرۆسەی بەرهەم هێنانەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی پێویست بە نزمترین ڕادە لە هاویەکی بابەتیانە هەیە لە نێوان ئەندامانی کۆمەلگەکە، هەروەها پێویستی بە ئەرکە بۆ پارێزگاری کردنی پەیوەندی هاوکاری لە نێوان کۆمەلەکاندا، و پێویستی بە هەست و هۆشیاری ئالوگۆرکی هەیە لە نێوان تاکەکانی گروپ وەک خێزان، نەتەوە، ...هتد.

بۆمان دەردەکەوێت (بۆردیۆ) جەخت دەکاتە سەر چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەک ئاماژەیەک بەو سەرچاوانەی کە تاک وەریان دەگرێ، دوواتر دەتوانێ بە شێوەیەکی ستراتیجی لە ڕێگای ئەمانەوە شتی تری دەست کەوێت بەتایبەتی ئابووری. بۆیە ئەو جۆرە سەرمایەدارە نموونەی هێزێکە یارمەتی دروست کردنی پاڵپشتی کۆمەڵیک شتی باشی کۆمەڵایەتی دەدات، ئیشەکانی (بۆردیۆ) بەهۆی ورژاندنی کۆمەڵیک بیرو توێژینەوە دەربارەی سەرمایەداری بووە ڕێبازێکی (میتۆد) توێژەرەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریان هێنا.

(فیری ولیم والترز) پێ وایە زاناکانی کۆمەلناسی بە شێوەیەکی سەمتی (نمگیە) ئەم زاراوە بەکاردەهێنن،ئاماژەیە بەتوانای تاکەکان بۆ ئەوەی سوودیان دەست کەوێت بەپێی ئەندام بوونیان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا یان هەر قەبارەیەکی تری کۆمەڵایەتی، هەروەها لای زاناکانی سیاسەتدا ئەوان پێیان وایە سەرمایەداری کۆمەڵایەتی سیمایەکە لە سیماکانی کۆمەڵگا و نەتەوە و تاکەکان، واتە سەرمایەداری کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ئەم تایبەتماندانە کە لەڕێکخستنی کۆمەڵایەتییدا هەیە وەکو باوەر، پێوەر، پابەندبوون کە کاری کۆمەڵایەتیان ڕێکی دەخات و پەیرەوی دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی پتەوکردنەوەی بوونیادی کۆمەڵایەتی (11).

### ج- سەرمایەی هێمایی:

ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە کە تاک لە ئەنجامی کۆمەڵێک سیمای دیاریکراو هەیەتی وەک ئابرو، دەسەڵات، ناوبانگی باش، ڕابردووی باش، کە ئەمانەش لە لایەن کۆمەڵگاوە هەستیان پێ دەکرێت و هەڵدەسەنگێندرێت. (بۆردیۆ) پێیوایە ئەم جۆرە سەرمایەیە وەکو هەر جۆرێک لە جۆرەکانی تری سەرمایە سروشتی و ئابووری و.... هتد ڕێگا دەدات کە ئەو کەسە بگات بە سوود و قازانجی باش.

ئەو جۆرە سەرمایەیە دەچێتە ناو هەموو بوارەکان یان شێوەکانی دەسەڵات و پلانە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بریتی یە لە پەیوەندی دەسەڵات هەروەها سیمای ئابرو کەلە پێش باسمان کرد کۆمەڵێک واتای ڕەوشتی دیاریکراوی هەیە کە دەبێتە ڕێزگرتنی ئەو کەسە لەلایەن خەلک ئەمەش یارمەتی دەدات بگاتە پایەیەکی باش لەلایەک لەلایەکی ترەوە خەلک ڕێزی بۆ دادەنێت ئەو سەرمایە بەندە لەسەر شتە باشەکان هەروەها بەستراوەتەوە بەدەسەڵات وئابرو کە خەڵکی تر ڕێزی لێ دەگرێت بۆیە سەرمایەی هێمایی دەتوانین وای دابنێین سەرمایەی ئابووری ودەسەڵاتە (12). ئەمەش وا دەکات پەیوەندییەکان لەنێوان خەڵکەکاندا بەهێزبن، بۆردیۆ پەرەی بەم چەمکەدا بۆیە تەجاوزی چەمکی مارکسی کرد بۆ سەرمایە لەکاتێکدا (مارکس) جەخت دەکاتە سەر هۆکارە ئابوریەکان وای دادەنێت دیاری کردنی مومارەسەی کۆمەڵایەتی یە.

بەڵام (بۆردیۆ) هەولی داوە ڕەهەندی هێما لە تێگەیشتنی هەستی ڕەفتاری مرۆڤ دەربخات بەتایبەتی لە توێژینەوەکانی دا لەباکوری ئەفریقادا کە لەوێدا ڕەهەندی هێما بایەخێکی باشی هەیە، بۆیە (بۆردیۆ) پێیوایە هەموو شتێک هێمای تێدایە،ئەوشتانەی بۆردیۆ جیا دەکاتەوە لە شێوازە ڕەسەنەکانی مارکسیزم ئەوەیە کە بۆردیۆ تەنها جەخت ناکاتە سەر ڕەهەندی ئابووری لەژیانی کۆمەڵایەتییدا کەپێیوایە کارلێک کردن وپاڵپشتی یەک لەنێوان ڕەهەندە سیاسی وهێمایی کوولتوری وئابووری دا هەیە، ئەگەر باوەرمان کرد بەسەربەخۆ بوونێکی تەواو لە نێوان ئەو ڕەهەندە جیاوازانە ئەوە دیدێکی دوانەیی تیژو هەڵە لە کۆمەڵگادا دروست دەبێت بۆیە (بۆردیۆ) پێشنیار دەکات واز لەم دیدە بهێنرێت.

### 3- توندوتیژی هێمایی:

(بۆردیۆ) لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە توندوتیژیی هێمایی دەخاتە ڕوو، پێیوایە هەر چالاکیەکی پەروەردەیی لە دیدێکی بابەتیانەوە جۆرێکە لە توندوتیژی هێمایی، بەو پێیەی کە کوولتورێکی دیاریکراو لەلایەن لایەنێکی زۆردارەوە سەپێنراوە. واتا هەر چالاکیەکی پەروەردەیی جا ئەگەر لەلایەن کۆمەلێک فێرکار لە چوارچێوەی

پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی یان کۆمەلێکی دیاریکراو یان لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەیەکی خێزانی کە کۆمەڵەیەک یان چینێکی دیاری کراو ئەم ئەرکەیان پێبسپێردرێت، دامەزراوەیەک بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ گشتگیر یان بەش بەش ئەرکە پەروەردەیەکەی پەڵدەکێشێ تەنها لە حاڵەتی بوونی ئاماژەیەکی دیاریکراو لەسەر هەر چالاکییەک جا چ ئامانجی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژیی هێمایی بێت لەلایەن خودی ئەوانەی کە ئەم ڕەفتارەیان بەرامبەر کراوە کاتێک کە ئەوانیش دووبارە هەڵدەستن بە سەپاندنی کوولتورێکی تایبەت بە چینە سەردەستەکان یان چینە ژێردەستەکان (13)

(بۆردیۆ) پێیوایە توندوتیژی هێمایی پیادە دەکرێت ئەویش بەدروست کردنی پەیوەندییەکانی هێز لەنێوان کۆمەڵ و چینەکان کە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لێ دروست دەبێت ودەسەڵاتێکی زۆردارانە وەردەگرێت بەو پێیە کە مەرجێکە بۆ پێکهێنانی پەیوەندی گەیاندنی پەروەردەیی یان بۆ سەپاندن و پیادەکردنی نموونەیەکی کولتووریی زۆردارانە واتا شێوەیەکی زۆردارانە لەسەپاندن و پیادەکردن.

هەروەها ( بۆردیۆ) پێیوایە توندوتیژی هێمایی بە ئەندازەیەکیش هەڵسانە بە جێبەجێکردنی پرۆسەی جیاکاری و گۆشەگیرکردن بەسەپاندن و پیادەکردنی هەندێک نیشانە ئەمەش تێبینیکردنی میکانیزمی هەڵبژاردنی نیشانەکان و لەوەی پێویست دەکات بۆئەوەی دووبارە چالاکی پەروەردەیی بەرهەم بهێنێتەوە ئەویش بەدووبارە بەرهەمهێنانی بژاردەیەکی نیشانەی زۆردارانە کە کۆمەلێک یان چینێک لەمیانەی ستەمێکی کوولتورییدا بابەتیانە ئەنجامی ئەدەن (14).

کەواتە ئەو چالاکییە پەروەردەییەی توانایەکی زۆردارانەی هەیە بۆ سەپاندنێکی بەزۆری کوولتوری لە میانەی پەیوەندییە ئالۆزەکانی نێوان کۆمەڵە و چینەکان کاتێک لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییدا پیادەی دەکات و، هەروەها لە میانەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەزۆر سەپاندنی کوولتوریدا کە جێگیری دەکاتەوە واتا ئەو چالاکیە پەروەردەییە بەشداری دەکات لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی هێز کە هێزێکی وای پێدەبەخشێت توانای سەپاندنی زۆردارانەی هەبێت (ئەرکی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کولتووری).

هەروەها یەکێک لە ئاسەوارەکانی توندوتیژی هێمایی بریتییە لە گۆرینی پەیوەندییەکانی کۆنترۆڵکردن وبە زۆر سەپاندن، بۆ پیشاندانی پەیوەندیی دڵسۆزانە و ڕەزامەندیی و گۆرینی دەسەڵاتی ئەقڵانی بۆ دەسەڵاتی کاریزمایی.